# لێدوان

Ledwan

ژمارە (٣) کانونی یەکەمی  ساڵی (٢٠٠٧) نرخی (٥٠٠) دینارە

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازادە  دوو هەفتە جارێك لە شاری ڕانیە دەردەچێت


## ئەمساڵ ٢١٦,٥ملم باران کەمتر لەچاو ساڵی رابردوو باریوە بەڵام مەترسی لەسەر کشتوکاڵ نیە

**تایبەت بەلێدوان**

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست لێدوان کەوتون، ئەمساڵ برێکی زۆر کەم باران باریوەو تا ئێستا گەیشتۆتە ٥٣,٥ ملم، کە ئەم ڕێژەیە بە بەراوڵد لەگەل بارانی پار سالدا زۆر کەمە، کە لە هەمانکاتدا ٢٧٠ ملم باران باریبو، ئەو زانیاریانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەهۆی ئەوەی بارانەکە بەهێمنی باریوەو تۆن و تەوژمی تێدا نەبوە، گەیشتۆتە ئاستی پەلەدان و هیچ مەترسیەك لەسەر کشتوکال دروست ناکات، بەلاّم ئەگەر ئەو برە بارانە زیاتر نەبێت، ئەوا مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی دەبێت.

## لە ماوەی ساڵێکدا لە سنوری قەزای رانیە

# ٢١ حاڵەتی کوشتن و ٥ لەشفرۆشیو ١١ تاوانی لاقەکردن و ٥٧ ڕووداوی دزیو ١٣٦ ڕووداوی هاتوچۆو ١٦ حاڵەتی چەکی بێ مۆڵەتو ١٦٨ شەڕ تۆمار کراون



**تایبەت بە لێدوان**

سەرچاوەیەکی پۆلیس لە قەزای رانیە سەرجەم حالەتەکانی کەتن و تاوان و سەرپێچیەکانی لە بەرواری ٢٠٠٧/١/١وە تا مانگی ٢٠٠٧/١٢ بۆ لێدوان باس کرد، کە سەرجەمیان ١٠٤٣ حالەتن و بەو شێوەیە بەشێکیان پۆلێن کراون:

(٢٠٠ حالەتی باری کەسێتی، ١٦٨ حالەتی شەرکردن، ١٣٦ ڕووداوو سەرپێچی هاتوچۆی هەمەجۆر، ٨٩ حالەتی هەرەشەکردن، ٥٧ ڕووداوی دزیکردن، ١٦ چەکی بێ مۆلەت، ١١ تۆمەتی لاقەکردن، ١٠ ڕووداوی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، ١٠ زیادە ڕۆیی (تجاوز)، ١٠ هەوالی ناراست، ٦ حالەتی تەزویرکردن، ٥ حالەتی لەشفرۆشی )

ئەمەو لێدوان لە ژمارەی ئایندەیدا، چەند ئامارێکی تری تایبەت بە شاری رانیەو دەوروبەری بلاّو دەکاتەوە.

## لێدوان وردەکاری دروستکردنی پارکی پێنجی ئازارو پارکی دەروازەو دابەشکردنی نەوت، لەشاری رانیە بلاّو دەکاتەوە

**تایبەت بە لێدوان**

لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەی لێدواندا، مامۆستا عەلی حەمەد بەگ قایمقامی قەزای رانیە باسی لە چەندین زانیاری گرنگ کرد، کە تایبەتن بە پرۆژەی خزمەتگوزاری و دابەشکردنی نەوت و قیرتاو کۆنکرێتکردنی شەقام و گەڕەکەکانی رانیە، لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، کە دوو پارك لەشاری رانیە لەسەر بودجەی سالی ٢٠٠٧ دروست دەکرێن و غاباتی رانیەش خزمەتگوزاری پێویستی بۆ دابین دەکرێت، هەروەها باسی لەدروستکردنی پزیشکی دادوەری (**طب عدلي**) کرد، کە لەچەند ڕۆژی ئایندەدا بەلێندەرەکەی دەست بەکارەکانی دەکات، پاشان باسی بودجەی سالی ٢٠٠٨ی کردو مژدەی ئەوەیدا کە پێدەچێت تا کۆتایی سالی ٢٠٠٨ کێشەی کۆنکرێت و قیرتاوکردنی شاری رانیە نەمێنێت، هەروەها ئەگەر ئەو گرێبەستەی لەگەڵ دەولەتی ئێراندا مۆرکراوە، کێشەی تێنەکەوێت، تا کۆتایی زستان دوو جاری تر نەوت بەسەر هاولاتیانی رانیەدا دابەش دەکرێت و باسی لەوەشکرد کە پەلە لە پرۆژەی جوانکردنی بازاری رانیەدا دەکرێت.. درێژەی دیدارەکە لە لاپەڕە ٥ دا دەخوێننەوە.

## چل هەزارکەس کە چوار هەزاریان لە سنوری قەزای رانیەن، پێناسی خانەنشینیان بۆکراوەو تا ئێستا موچەیان بۆ نەبەستراوە

بەپێ ئەو زانیاریە ڕەسمیانەی دەست لێدوان کەوتوون، لە سالی ٢٠٠٧ نزیکەی ٤٠٠٠٠ کەس پێناسی خانەنشینیان لەسەر پێشمەرگەی کۆن و ڕێکخستنە کۆنەکان بۆ کراوە، بەلاّم تا ئێستا مووچەیان بۆ نەبەستراوە، ئەمەو هەمان سەرچاوە ووتی ٤٠٠٠ کەس لەو ژمارەیە سەر بە فەرمانگەی خانەنشینی رانیەن، بەلاّم لە سالی ٢٠٠٧ موچەیان بۆ نەبەستراوە، ئەم مەسەلەیەش بابەتێکی سیاسیەو پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە هەیە، بۆ ئەمەش ئەو سەرچاوەیە هیوای ئەوە پیشاندا کە لە سالی ئایندەدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا بەکر بەڕێوەبەری فەرمانگەی خانەنشینی رانیە پشتراستی زانیاریەکەی کردەو ووتیشی جگە لەو ژمارەیەی سەرەوە ٤٥٢٥ کەس لەسنووری فەرمانگەکەمان خانەنشین کراون، کە ئەوانە بە سێ مانگ جارێك بری ٣٧٥٠٠ دینار وەك خانەنشین وەردەگرن .

## کچە خوێندکارێکی باوك شەهید لە شکارتە دوای کۆبونەوەی باوکان خۆی دەسوتێنێت

**لە پەیامنێرمانەوە**

کچێك بەناوی (ن. أ. ع) کە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەییە لە شکارتە، شەوی ٢٠٠٧/١٢/٦/٥ کاتژمێر ١٠ خۆی دەسوتێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی لە کۆبونەوەی باوکانی خوێندنگاکەیدا، بەهۆی ئەوەی باوکی شەهیدە، برا گەورەکەی بەشداری کۆبونەوەکە دەکات و مامۆستاکەی باس لە نزمی ئاستی خوێندکارەکە بۆ براکەی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی براکەی دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ لێی بدات و خوێندکارەکەش لە داخی ئەوە خۆی دەسوتێنێت و گیان لە دەست دەدات، سەرچاوەیەکی بەرپرس سەرباری نیشاندانی خەمو پەژارە، هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوەو وتیشی تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی بۆ ئەو ڕووداوە نەکراوە.

## ناحیەی سەروچاوە تا ئێستا بێ تاپۆیە

بەهۆی چەند کێشەیەکی ئیداری ناحیەی سەروچاوە تا ئێستا تاپۆی نیە، ئەم شارۆچکەیە کە دەمێکە ناحیەیەو پێشتر مەرکەزەکەی لە شکارتە بوە بەناوی ناحیەی بێتواتە لە دوای ڕاپەڕینەوە گواستراوەتەوە بۆ شارۆچکەی سەروچاوە کە زیاتر لە هەزارو سەدو حەفتاو سێ خانوی تێدایەو دووهەزار خێزانی تێدا نیشتەجێن ئەم شارۆچکەیە لەماوەی ڕابردودا کۆمەلێك پرۆژەی زۆری بۆ جێبەجێ کراوە بەلام تا ئێستا تاپۆی نیەو ئەو هەولانەش کە دراون بۆ بەتاپۆکردنی، بێ ئاکام بوون، بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ئەم کێشەیەو ئەوانەی بونەتە لەمپەر لە ڕێگەی ئەو هەولاّنە لە ژمارەی داهاتوی لێدوان بەدواداچونێك دەخوێننەوە

## قایمقامی نوێی قەزای پشدەر سوێندی یاسایی خوارد

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠٠٧/١٢/٦ لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ، بە ئامادەبونی وەزیری ناوخۆو پارێزگاری سلێمانی و لێپرساوی ئیدارەی گەرمیان، قایمقامی تازەی قەزای پشدەر( حسن عەبداللە حسن ) ، سوێندی یاسایی خوارد ، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ لێدوان قایمقامی تازە، پشتگیری لە هەواڵەکە کردو وتی: کار دەکەم بۆئەوەی هەموو هەوڵو توانای خۆم بۆ خزمەتی هاولاّتیان تەرخان بکەم، تا بە هەموو لایەك و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانین خزمەتی کوردستان بەگشتی و ناوچەکەی خۆمان بەتایبەتی بکەین، بەتایبەت بۆ گرنگیدان بە بواری ئاسایش، ئەویش لەپێناو سەلامەتی هاولاّتیان، هەروەها تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کەپێشتر کاریان بۆ کراوەو هەولدان بۆ زیاتر خزمەتکردنی سەرجەم بوارەکانی تر لە دەڤەری پشدەر.


### کۆمەڵەی گەشەپێدانی چوارقوڕنە

## چاوەڕوانی ئاکامی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر گەندەڵی ئیداری شارۆچکەی چوار قوڕنە

مامۆستا محەمەد عەبدورەحمان ئەندامی دەستەی بالاّی کۆمەڵەی گەشەپێدانی چوارقورنە لە لێدوانێکدا بە لێدوانی ڕاگەیاند، کە ئەوان وەك کۆمەلەکە یاداشتێکیان بەرز کردۆتەوە، بۆ چەند لایەنێکی بەرپرس، پارێزگاری سلێمانیش بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، بەلاّم ئێمە پێش ڕووداو ناکەوین و دواتر کە پێویستی کرد زانیاریەکان بلاّو دەکەینەوە، بۆ زانیاری زیاتر یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە، بەلاّم ئامادە نەبوو هیچ زانیاریەك ڕابگەیەنێت، پێشبینیش دەکرێت کۆمەلێك گۆڕان . کاری ئیداری ناوچەکە بگرێتەوە

قائمقامی قەزای رانیە: من خۆم ئەوتاسانەم دروست نەکردون، تاخەلك رەخنە لەمن بگرن

ل٥٠٠٠



مام رەسوڵ: ڕۆژی دوانزە دیناران پەیدا کەمو بەشی خەرجی ڕۆژانەم دەکات

ل٤٠٠٠



مریەم سەمەد وردەکاری گەشتەکەی بۆ وڵاتی سوید دەگێڕێتەوە

ل٥٠٠٠



نەبەز گۆران: من ئەوەندەی ڕۆژانە بەدەست پۆلیسەوەم ئەوەندە بەدەست خۆمەوە نیم

ل٧٠٠٠

